# قەزافی و چوار ڕێیانی سەرچنار

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com

لەسێدارەدانی " سەدام حسین " چەندین لێکدانەوەو هەڵوێستی جیاواز جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا , ئەم لێکدانەوەو هەڵوێستانە لەتاکی کۆمەڵگاوە دەستی پێکرد و تائاستی حکومەت و حیزب و پەرلەمان و سەرانی دەوڵەتانیش ڕۆشت , یەکێك لەو کەسانەی هەڵوێستی خۆی بەیانکرد " موعەمەر قەزافی " سەرۆکی لیبیا بوو . هەڵوێستی " قەزافی " ژمارەیەك لاوی بێزار کردوەو داوا دەکەن کە چوار ڕێیانی سەرچنار کەبەناوی " قەزافیەوە " ناونراوە بیگۆڕن و ئەو ناوەی لەسەر لابەرن , بۆ ئەم داواکارییە ئیمزا کۆدەکەنەوەو سەردانی بەرپرسان دەکەن , من لە ڕێگەی ئەم ووتارەوە ئەمەوێت تیشك بخەمە سەر ئەوەی کە هەڵوێست نواندن سەبارەت ڕووداو هەلومەرجی لەم شێوەیە نە لە ناوگۆڕینەوە دەست پێدەکات و نەدەشتوانێت هەنگاوێکی عەمەلی و کارسازبێت , کەواتە بۆچی ئەم هەنگاوە کارساز نییە ؟پاشان ناونانی گۆڕەپان و گەڕەك و هۆڵ و چەندین شوێنی تر لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە ؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە پێویستمان بەوە هەیە کە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو حیزب و لایەنانەی نوێنەرایەتی بزووتنەوەی قەومی کوردیان کردووە بەتایبەت لە مێژووی 50 ساڵی ڕابوردودا , بزوتنەوی قەومی لە کوردوستان وەك بزوتنەوەیەکی بێ ئاسۆ و ستراتیژی ڕۆشن و دیاری کراو هەمیشە لە دەوری تەوەرەی " شەڕ , گفتوگۆ , شەڕ " بۆ شەریك بوون لەدەسەلات لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی خولاوەتەوە, هەروەها بۆ مسۆگەر کردنی ئەو بەشە لەگەڵ مەرکەزدا یارییان کردووە لە نێوان قڵشت و کەلێنی دەوڵەتانی ناوچەوکەو جیهاندا , بەتایبەتی ئەگەر خیلافاتی دەوڵەتەکان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی عێراق بوبێت .

بۆئەوەی ئەم ڕاستیەمان باشتر بۆ ڕوونبێتەوە 15 ساڵ دەسەڵات و حاکمیەتی ئەحزابی قەومی کورد باشترین دەلیلی ئەم واقیعەتە سیاسیەیە , ئەم 15 ساڵە ئەزمونێکی بەرچاوە بۆ ئەوەی هەمووومان شاهیدبین و پێویست بەوە نەکات زۆر فاکت بهێنینەوە بۆ قەناعەت پێکردنی یەکتری , 15 ساڵە هەرکات نوکی ڕمی بەرژەوەندیەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان ڕووی کردبێتە هەر وولاتێك ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەم بەرژەوەندیانە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە دیار بووە , تەنانەت ئەم ڕەنگدانەوەیە بەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئەو وولاتەی بەرژەوەندی ئەم حیزبانە لەگەڵی جووت بووە دیار و ئاشکرابووە , بۆیە ئاساییە ئەحزاب و دەسەڵاتێك هەر ڕۆژەو هەر قۆناغێك قیبلەی ئیلهامی بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی خۆی ڕوو لە وولاتێکی ناوچەکەو جیهان بکات , تەواوی گەڕەك و کۆڵان و شەقام و تەنانەت ناوی لەشکر و هێزەکانیان بەناوی ئەوانەوە ناوبنێن " پەیکەری دانیال میتران , چوار ڕێیانی موعەمەر قەزافی , شەقامی حەکیم , مزگەوتی حسەینیە , تێکەڵ کردنی ئاڵای ئەمەریکاوجامانە , بەپەپولە نیشاندانی حافز ئەسەد , شانازی کردن بە پلەی ئایەتوڵا, بەڵێندان بۆ بەکارهێنانی لیرەی تورکی " ئەمانەو چەندین ناو سیفەتی جۆراو جۆر کە بوونەتە ناونیشانی چەندین جێگای کار و ژیانی خەڵکی .

هەربەو پێیەی ستراتیژی ئەحزابی قەومی جێگر و ڕۆشن نییەو , هەر بەو پێوەرەش کە بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکەو جیهان لە جێگۆڕکێدایە , بۆیە وادەردەکەوێت لەگەڵ هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێکدا پەنا ببرێت بۆ گۆڕینی ناوەکان و لە جێگایان ناو ناونیشانی دۆستی تازە دابنرێت .

ئەمە ڕێگاچارەیەکی کارساز و عەمەلی نییە بۆ وەڵامدانەوە بە هەڵوێستی دژی ئینسانی و نامەسئولانەی هەر هێز و دەوڵەتێك بەرانبەر خەڵکی کوردوستان , ڕۆژانە گۆڕینی ناوی شەقام و باخچە و مزگەوت و چوار ڕێیان , لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی دەوڵەتان ناتوانێت کۆتای بهێنێت بە ڕۆژ ڕەشی و نادیاری چارەنووسی خەڵکی کوردوستان , ئەوەی دەتوانێت خەڵکی کوردوستان بپارێزێت لە هەڕەشەو چاو سورکردنەوە کۆکردنەوەی ئیمزا نییە بۆ ناو گۆڕین و ئەم جۆرە کارانە .

ئەوەی دەتوانێت خەڵکی کوردوستان بپارێزێت لە گەمەو بەرژەوەندی جیاوازی ئەحزابی قەومی کورد و دەوڵەتان , سەقامگیرکردنی چارەنووسی سیاسی کوردوستان و کۆبوونەوەیە لەدەوری خواستی جیابونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی .

2007 . 1 . 18